حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلان دانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# پوختەی
# ڕووپێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان لە عێراق


IHSES 2012

2014

## (رۆژی جیهانی دانیشتوان 2014/7/11)

### ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان زیاد بوونی بە خۆیەوە بینیوە:


ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014 گەیشتوەتە 5,332,600 کەس، کە ژمارەی نێرینە 2,677,764 وە ژمارەی مێینەی 2,654,836 کەسەیە بە بەراوورد بە ساڵی 2009 کە ژمارەی دانیشتوان 4,662,266 کەس وە ژمارەی نێرینە 2,341,102 کەس و ژمارەی مێینەی 2,321,164 کەس بووە.




### هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی گەنجە:

بەپێی دەرەئەنجامەکانی پێشبینی کردنی دانیشتوان (الاسقاطات) کە جێ بەجێ کراوە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 دەریدەخات کە رێژەی دانیشتوان لە گروپی تەمەنی 15-64ساڵی دەگاتە نزیکەی 60% وە رێژەی دانیشتوان بۆ گروپی تەمەنی 65ساڵ و گەورەتر دەگاتە 4% وە منداڵان لە گروپی تەمەنی بچووکتر لە 15 ساڵ رێژەکەی نزیکەی 36٪ ە.

بەڵام گروپی تەمەنی گەنجان 15-24ساڵی رێژەکەی دەگاتە نزیکەی 20٪ .



**نزم بوونەوەی ڕێژەی بەخێوکەری تەمەن(نسبة الاعالة العمرية):**


ڕێژەی بەخێوکەری تەمەن لە لایەن ئەوانەی لە ناو گروپی تەمەنی کاردان 15-64 سالین بۆساڵی 2014 دابەزیوە بۆ 66 کەس بۆ هەر 100کەس لە دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کار کە گروپی تەمەنی ژێر 15 سال و سەرەوەی 65 ساڵی پێك دێنن بە بەراوەرد لەگەل سەرژمێری ساڵی 1987 ئەم ڕێژەیە 93 بەخێوکەر بووە بۆ هەر 100 کەس .

**نزم بوونەوەی ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە سەرۆك خێزانی ئافرەتە:**

ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە ئافرەت بەرێوەی دەبات لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012 لە 11.6 نزم بووەتەوە بۆ 10.5 لە ساڵی 2014 بە گوێرەی ئەنجامی ئەو ڕووپێوانەی کە لە دەستەی ئاماری هەرێم جێبەجێکراوە.


**دابەزینی ڕادەی وەچەخستنەوەی گشتی لە ساڵانی دوایی:**

بە گوێرەی دەرەنجامی ڕووپێوەکان کە لە دەستەی ئاماری هەرێم جێبەجێکراون پیشاندانی دابەزینی تێکڕای وەچەخستنەوەی گشتیە، لە ساڵی 2006 تێکڕای وەچە خستنەوە 3.8 کە تێکرای لە دایك بوونی زیندووە کە لەلایەن ئافرەت بە درێژایی ژیانی هاوسەرگیری . بەڵام لە ساڵی 2012 تێکرای وەچەخستنەوە گەیشتە 3.4 ئەو ڕادەیە هەر بەبەرزی مایەوە بە بەراورد بە ووڵاتانی دراوسێ وەکو ئێران و تورکیا و ئوردن و سوریا.




**نزم بوونەوەی تێکڕای مردنی منداڵانی شیرەخۆر:**

تێکرای مردنی منداڵانی شیرەخۆر لە ساڵی 2006 گەیشتە 34 حالەتی مردنی مندالانی پێش ساڵی یەکەم بۆ هەموو هەزارێکی لە دایك بووی زیندوو وە ئەم تێکرایەش نزم بووەوە بۆ 28 حالەت لە ساڵی 2012.




دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

بۆ زانیاری زیاتر

website: www.krso.net